# حسن نصرالله



**مەهدیکامیل( نیا)**
nya-78@hotmail.com




حسن عبدالكريم نصرالله لە 31 ئاب 1960 لە دايك بوە ، لە شارۆچكەی بازوريە لە باشوری لوبنان ، لە گەڕەكی "الكرنتينا " پێگەیشتوە ، یەكێكە لە گەڕەكە هەژارنشینەكانی قەراغی ڕۆژهەڵاتی بەیروت . خێزانەكەی گەڕاونەتەوە بۆ بازوريە كاتێك كەجەنگی ناوخۆی لوبنان ساڵی 1975 هەڵگرسا ، پەیوەندی كرد بە بزوتنەوەی " فەوجەكانی بەرگری لوبنانەوە " افواج المقاومه اللبنانيه " كە بە كورتكراوەی بزوتنەوەی " امل" ناسراوە ، كە "موسى الصدر" دامەزرێنەریەتی

ئەو خوێنكاری قۆناغی ناوەندی بوو ، دانرا بە لێپرسراوی ڕێخستنی شارۆچكەی بازرويە ، كۆتای ساڵی 1976 چوو بۆ نەجەف لە عێراق بە مەبەستی پەیوەندی كردن بە حەوزەی زانستیەكەیەوە ، لەوێ لە گەڵ ڕابەرە شیعەكان ئاشنایەتی پەیداكرد ، وە "عباس الموسوی " ، لە ناوچەی بقاع ی لوبنان . كە مامۆستای بوو ، ساڵی 1978 عێراقی بەجێهێشت وە بەردەوام بوو لە خوێندن لە حەوزە ی دینی ، كە الموسوی لە بەعلەبەك دایمەزراندبوو ، وە گەڕایەوە چالاكی سیاسی و ڕێخراوەی لە بزوتنەوەی " امل" دا لە ناوچەی بقاع . ساڵی 1979دانرا بە لێپرسراوی سیاسی بقاع ، وە بەئەندامی مەكتەبی سیاسی بزوتنەوەكە . لە ساڵی 1982 لە بزوتنەوەی " امل" جیابوەوە لە گەڵ ژمارەیەكرابەرو كادر كە وابەستە بوون بۆ هێڵی بیر و باوەڕی پەسەندكراو لە لایەن شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە . بە هۆی ناكۆكی لە سەر ئاڕاستە سیاسیەكان لەگەڵ سەركردەكانی بزوتنەوەی "امل" بە نوێنەری سەرۆكەكەی "نبيه بری " سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانی لوبنانی ئێستا ، بەم شێوەیە " حزب الله " دامەزرا . ، نوێنەرایەتی ناوچەی بقاعی تاساڵی 1985 كرد ،

ساڵی 1987 پۆستی لێپرسراوی جێبەجێکاری گشتی " حزب الله " و لەگەڵ ئەندامێتی لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری " شوری" ی وەرگرت ، کە بەرزترین دەستەی ڕابەرایەتی بوو لە حزبدا . ساڵی 1989 چوو بۆ شاری " قم " لە ئێران ، بۆ تەواوکردنی خوێندنی دینی ، بەڵام ناچار بوو بە گەڕانەوەی بۆ لوبنان پاش یەك ساڵ بەهۆی گۆڕانکایەکانی سەر ساحەی سیاسی لوبنانەوە ، بەتایبەتی ڕوبەڕوبونەوەی چەکداری لە نێوان حزب الله و بزوتنەوەی امل دا سەرەڕی ئەوەی کە حسن نصرالله بچوکترین ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بوو لە ڕووی تەمەنەوە ، بەڵام ئەنجومەن بە کۆی دەنگ وەك سکرتێری گشتی حزب هەڵیان بژارد ، لە جیاتی سکرتێری گشتی پێشوو " عباس الموسوی" . کە سوپای ئیسرائیل لە ساڵی 1992 تیرۆریان کرد . لەو کاتەوە حسن نصرالله سکرتێری گشتی بەدەستەوە گرتوە ، حزب الله ژیانی سیاسی ناوخۆی لوبنانی بەدەستەوە گرتوە بەشێوەیەکی فراوان . وە بەژداری هەموو هەڵبژاردنەکانی لوبنانی کردوە لە ساڵی 1992 وەوە ، وە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە بە بەدەست هێنانی کورسی لە پەڕلەمانی لوبنانیدا ، لەحکومەتی ئێستادا حزب الله وەزیرێکی هەیە ، کە " فؤاد السنیورە" سەرۆکایەتی دەکات .

هەر لەسەردەمی ئەمدا هێزی حزب الله یان ئەوەی پێیدەوترێت بەرگری ئیسلامی " المقاومة الاسلامية" کە باڵی سەربازی حزب الله یە ، ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ هێزی ئیسرائیل ئەنجامدا ، کە باشوری لوبنانی داگیرکردبوو . دیارترینیان ئەوە بوو لە چوارچێوەی کردەوەی " هێشوەکانی توڕەی " "عناقيد الغضب" لە نیسانی 1996 دا کە لێگەیشتنی نیسانی تیا مۆرکرا کە دان نرا بە ڕاستی بەرگری لوبنانیدا بە نوێنەرایەتی حزب الله لە وەڵامدانەوەی دەست درێژیەکانی ئیسرائیلدا . بەڵام دیارترین کارێك لە سەردەمی ڕابەرایەتی حسن نصرالله دا بۆ حزب الله ناچارکردنی هێزی داگیرکەری ئیسرائیلی بوو بۆ پاشەکشە لە باشوری لوبنان " جگە لە کێڵگەکانی شبعا " لە ئایاری ساڵی 2000 ،نصر الله خۆی سەرپەرشتی ڕێکەوتنی گۆڕینەوەی دیل و لاشەی کوژراوەکانی نێوان حزب الله و ئیسرائیلی کرد لە چوار چێوەی ووتوێژی ناڕاستەوخۆ و نهێنیدا کە بە چاودێری ئەڵمانیا ، کە بوەهۆی بەردانی 24 لوبنانی و عەرەبی و 400 دیل ی فەڵەستینی ساڵی 2004 ، دەوترێت حسن نصرالله کەسایەتیەکی کاریزمی یە ، سەرەڕای کەسایەتیەکی دینی ، زۆربەی شیکەرەوە و چاودێرەکان بە سیاسیەکی زۆر لێهاتوو دادەنێن سەرەڕای ئەوەی ڕێز و ئیحترامێکی فراوانی لە ناولوبنان و عەرەبدا هەیە ، وەك ڕەمزی بەرگری سەیری دەکەن .

ژنی هێناوە وە پێنچ کوڕی هەیە گەورەکەیان ناوی " محمد هادی " کە تیاچوو لە ڕوبەڕوو بونەوەی لەگەڵ هێزی ئیسرائیل لە باشوری لوبنان ساڵی 1997 .

**سەرچاوە**

http://arabic.cnn.com/